


# سیمۆن دو بۆڤوار

## نمونەی ژنێکی ئازاد

## Simone de Beauvoir

## 1986 - 1908

گەر باسی مافی ژن و کەسایەتیە ناودارەکانی فەرەنسا بکرێت زۆربەی خوێنەران ئەم ژنە مەزنە دەناسن، بەڵام کاتێک سەیری بڵاوکراوە کوردیەکان دەکەین زۆر بەکەمی باسی ئەم ژنە ئازادیخوازا کراوە. بۆیە بە پێویستم زانی کە ئەم چەند دێرە بنوسم دەربارەی ئەم ژنە نووسەرە گەورەیەی فەرەنسا, لەبەرئەوەی بەچەندین زمانی جیاواز نەک هەر بابەت بەڵکو چەندین کتێبی لەسەر نوسراوە، هیوادارم کە رۆژێک منیش بتوانم کتێبێک دەربارەی ئەو تێکۆشانانەی بنوسم کە تایبەت بوون بە ئازادی ژن.

سیمۆن دو بۆڤوار لە فەرەنسا ناسرا وەک هاوڕێ و هاوسەری فەیلەسوف و نووسەری فەرەنسی (ژان پۆل سارتەر), لەبەرئەوەی زۆر بەرهەم و چالاکیان پێکەوە ئەنجامداوە، وە چەندەها فیلمی دۆکومەنتیان بڵاو کراوەتەوە سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانەکانیان. کە لە هەندێ سایتی ڤیدیۆیدا، دەتوانرێت ئەو گەشتانە ببینرێت کە بەیەکەوە کردویانە بۆ (یەکێتی سۆڤیەت) ی جاران ، هەروەها ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ خەباتگێر (چێ ڤارا) و (فیدێل کاسترۆ) لە کوبا. وە ڕێکخستنی چەندین چالاکی تری بۆ بەشداری کردن لە خۆپیشاندان و رێ پێوانە بەناوبانگەکەی بزوتنەوەکانی مانگی پێنج ی 1968 لە پاریس بۆ پشتگیریکردن لە خوێندکارانی زانکۆکانی سۆربۆن و پاریس و داوای مافی هەموو کرێکارانی فەرەنسی.

سیمۆن دو بۆڤوار لە 9 ی مانگی یەکی 1908 لە پاریس لە دایک بووە لە خێزانێکی بۆرژوای فەرەنسی، باوکی پارێزەر بووە. لە ساڵی 1929 بڕوانامەی (ئەگرێگاسیۆن- ی بەدەستهێناوە، کە بەرزترین بڕوانامەیە لە بواری فەلسەفە دا، لەبەرئەوەی بە تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەخت بەدەست دەهێنرێت). ئەم ژنە فەیلەسوفە لەساڵی 1949 گەورەترین خەڵاتی ئەدەبی (گۆنکور) ی فەرەنسی بەدەست هێناوە، بۆ ئەو ڕۆمانە جوانەی کە بە ناوی (مەندارەکان) نوسیویەتی، کە

خاتوو (بەیان سەلمان لە یەکی لە ووتارەکانی دا باس لەشکۆی ئەم خەڵاتە دەکات – لە گۆڤاری سەردەم) .

سیمۆن دو بۆڤوار بە چالاکەوانێکی (فێمینیست) ی خەباتی ژنان دەژمێردرێت لە جیهاندا، بەتایبەتی دوای بڵاوکردنەوەی کتێبێك، لە ساڵی 1949 ، لەسەر ڕەگەزی ژن بە ناوی ( ڕەگەزی دووهەم ).

لە کاتی شەڕی فەرەنسا لە جەزائیر ئەم خاتونە بەرێزە پشتگیری لەو ژنە جەزائیریانە کردووە کە قوربانی دەستی هەندێ کەسی داوێن پیسی فەرەنسی بوون. سیمۆن دو بۆڤوار کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەسەر چەندین ژنە رۆشنبیری فەرەنسی تری وەک (ژیزێل هەلیمی ) و (ئێلیزابێت بادنتێر) کە ئێستا ئەم دوو ژنە ناوبانگێکی زۆریان هەیە نەک تەنها لە فەرەنسا بەڵکو لەتەواوی جیهاندا.

لە پاریس مەیدانێک ناونرا بە ناوی(( ژان پۆل سارتەر و سیمۆن دو بۆڤوار)). وە لە ساڵی 2008 وە خەڵاتێک دانراوە بە ناوی (سیمۆن دو بۆڤوار) کە پێشکەش دەکرێت بەو ژنانەی کە لە بواری ئازادی هو مافی ژنانداتێدەکۆشن.

(کاستۆر) ناوی دووەمی (سیمۆن دو بۆڤوار) بوو ، هەندێ جار هاورێکانی وەک (ژان پۆل سارتەر) بەو ناوە وە بانگیان کردوە. ئەم ژنە نوسەرە خاوەنی حەوت کتێبە لەسەر فەلسەفە، چوار رۆمان کە وەرگێردراونەتە سەر زۆربەی زمانەکان، دوو کتێبی کورتە چیرۆک، یەک شانۆ نامە، هەروەها پێنج پەرتووک لەسەر ژیاننامەی خۆی و بەسەرهاتەکانی، وە پاش کۆچی دوای لە ساڵی 1986 لە پاریس حەوت کتێبی تری بڵاو کرایەوە کە دووانیان بریتی بوون لەو نامانەی کە نووسیبوی بۆ (ژان پۆل سارتەر) و چەند پەرتوکێکی تر.

سیمۆن دو بۆڤوار لە کتێبی : (مەندارەکان) نوسیویەتی : لە هەموو دڵۆپە فرمێسکێکدا تۆزێ ئومێد و هیوا بەدی دەکرێت) . وە لە پەرتوکی (میوانەکە) کە لە ساڵی 1943 دا بڵاوی کردۆتەوە دەڵێت:( ژیان تەنها بریتیە لە پیر بوون و هیچی تر) ، وە لە پەرتوکێکی تریدا نووسیویەتی : ( ئەو بەندەیەی کە گوێرایەڵی و چۆکدادان قبوڵ دەکات ، ئەوە هەڵبژاردەی خۆیەتی). وە لە کتێبی ( دووهەم رەگەز ) دەڵێت : (وا تازە خەریکە ژنی ئازاد لە دایک دەبێت) و ( ژنی ئازادیخواز بەتەواوی پێچەوانەی ژنی ئاسایی و لاوازە).

بە پێی راپۆرتێکی دەزگای زانیاری ئەمەریکی (سی ئای ئەی) کە بە بڕیاری (دۆنالد ترەمپ) لە ساڵی 2017 بڵاوکرایەوە، خاتوو (سیمۆن دو بۆڤوار) هاوکاری مادی ئەو کەسانەی کردووە کە نەیان ویستووە بەشداری لە شەڕی داگیرکردنی ڤێتنام دا بکەن. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەم هاوکاریەی ئەم خاتونە ئازادیخوازە لە کاتێکدابوە کە وڵاتەکەی خۆشی ( فەرەنسا ) ڕووبەڕوی داگیرکاری نازیەکان

بووبویەوە، سیمۆن دو بۆڤوار لە گەڵ (ژان پۆل سارتەر) لە ساڵی 1941 ڕێکخراوێکی رۆشنبیریان پێک هێناوە بە ناوی (سۆسیالیزم و سەربەستی) بۆ هاوکاری کردنی رۆشنبیریانەی خەباتی ئازادی خوازانی فەرەنسا، راستە ئەم ڕێکخراوە تەمەنی کوورت بوو بەڵام خاوەنی بەرهەمێکی زۆربوە، وە کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەسەر چالاکی خەباتگێڕانی دژ بە نازیەکان.

ئەم خاتوونە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ تێکۆشان بە گشتی لە پێناوی ئازادیدا وە بەتایبەتی ئازادی ڕەگەزی ژن، نەک تەنها لە فەرەنسا بە ڵکو لە هەر شوێنێکی جیهاندا تروسکەی ئازادی دەرکەوتایە ئەم ژنە تێکۆشەرەی لێ دەبینرا وە لە هەمان کاتدا ژنێک بووە هەمیشە هەوڵی داوە بە ئامانجەکانی بگات، لە یەکێک لە پەرتوکەکانیدا کە لە ساڵی 1958 بڵاوکرایەوە، بەناوی( یادگاریەکانی کچە گەنجێکی ڕێک و پێک) دەبێژێت: ( کاتێک باسی داهاتووی خۆمم دەکرد، بەهیچ جۆرێک بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببم بە دایکی منداڵێک ... ئەو بیرەی کە بە مێشکمدا دەهات تەنها ئەوە بوو کە بتوانم کەسانێک فێربکەم، رۆشنبیربن و هزریان بکەمەوە و ببم بە مامۆستا).

ساڵی 2018 دوای 32 ساڵ لە کۆچی دوایی ئەم کەڵە ژنە فەیلەسۆفە فەرەنسیە، دەزگای بڵاوکردنەوەی (گەلیمارد) لە زنجیرەی (پلەیاد) کتێبێکی گەورەی کۆکراوەی بەرهەمەکانی (سیمۆن دو بۆڤوار) ی بڵاو کردەوە. کە نزیکە 1700 لاپەرە دەبێت. ئەوەی شایانی باسە تەنها نووسەرە هەرە مەزن و بە ناوبانگەکانی فەرەنسا لەم زنجیرەیەدا بەرهەمیان بڵاوکراوەتەوە، ئەم هەڵوێستەش ئاماژەیە بۆ بەها و بەنرخی بەرهەمەکانی ئەم ژنە نووسەرە، هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد سیمۆن دو بۆڤوار وەک رۆژنامەنوس و رەخنەگرێکی فەرەنسی دەینوسی، هەربۆ ئەو مەبەستەش ئاڵا هەڵگرانی شۆرشی فەمێنیزمی جیهانی (سیمۆن دو بۆڤوار ) بە شانازی (فخر) فەرەنسا ناودەبەن، گەر ئەمرۆ (ژان پۆل سارتەر) بە نووسەر و فەیلەسوفێکی مەزنی جیهانی ناسراوە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی و بەخشندەیی (سیمۆن دو بۆڤوار) کە ماوەیکی زۆر هاوسەرو هاوڕێی ژیانی بووە.

ماڵپەری( 8 مارس) ی فەرەنسی باس لەوە دەکات کە (سیمۆن دو بۆڤوار) لە ساڵی 1974 لە پاریس ڕێکخراوێکی دامەزراندووە بە ناوی (بنکەی مافی ژنان) بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی ژنان و کۆششدان دژی توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان.

**نوسینی : مامۆستا هەرمێ حەمە خالید**

**پاریس – 2019.**